بابەت

دواخوێندنەوەبۆ ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن

## ڕاپۆرتەکەی بیکەرهاملتۆن ...بەزیانی کێ تەواوئەبێت..؟

ئەگەرهاوڵاتی کوردسەرپشک بکەیت کامیان هەڵبژێرێت پێکەریان کارەبای بەردەوام ..بەڕای تۆ کامیان هەڵدەبژێرێت

**کامەران ئیسحاق پەری**

هەمووی چەندچرکەساتێکی کەم ئیمەلەکۆنی دوێنێونوێیەکی سبەی جیاکردەوە،کاتێکی زۆربەدەستەوە نەمابووئیدی کریسمس وسەری ساڵی نوێ وخەڵاتودیارییەکانی بابانوئێل وافەرزی کردکەئەبێت پشویەکی کورت بدەین بەخۆمان..بۆیەکا پێدەچێتئەم گوتارە دوابەرهەموکاری ڕۆژنامەنوسی ساڵی 2006م بووبێت ،ئەوساڵەی وەکوپێشەکانی لەگەڵ خۆیدا زۆرێک لەنەهامەتی وکۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵام وڕیزبەندی ڕوداوی یەک لەدوای یەکی بەگژداچو وئاڵۆزو بێ ماناج جێهێشتوە... لەڕاستیشداپێشوەخت بەنیاز بووم لەگەڵ دوامالئاوای وسوپاسگوزاریم بۆساڵی پارولەگەڵ وادەی پێشوازی کردنم بۆساڵی نوێ ،بەخوێندنەوەیەکی ترو هەڵخستنی دیدێکی نوێ بۆلەدایکبوونی مەسیح بێمە مەیدانوساڵیادی لەدایکبوونەکەی ببێتە سونبو لودەستپێکی ساڵێکی نوێی کاری نوسینم،بەڵام دواترکەبینیم هەندێک قسە،هەندێک ڕوداووهەیە کەناکرێت بۆکاتێکی تر هەڵبگیرێن بەڵام ئەکرێت مەسیح چاوەڕێ بکاتولەساڵێکی ترولەزەمەنێکی تردابا‌س لەڕۆژی لەدایکبوونەکەی بکەین..بۆیەکائاسایی بوو پاش هێنەوبەرەیەکی زۆر تێڕامانێکی نەفەس درێژلەوەی کەکامایان پێش کامیان بکەوێت بڕیاربدەم لەبەرئەوەی دیاریکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح،توانیویەتی دووهەزاروشەش ساڵ پێش ئێستابەشاراوەی بمێنێتەوە دەکرێت کەمێکی ترچاوەڕێ بکاتو بۆوادەیەکی نەزانراو بیخەمەئەولاوەو لەجیات ئەوبکەومە گەشتێکی کریستاڵی تیایداگەڕان بەدوای ئەوهەموورِوداوبەسەرهاتو هەڵچونوداچونە کەڕۆژانە مێشکی ئێمەی ماندووکردوەوئیسراحەتی لێزەوتکردووین...ئامانجی سەفەرەکەم بێت.لەوێندەرێ لەوسەفەرو گەڕانە دالەلای سێ بابەبتوتەوەری گرنگ.لامداوکەمێک وەستام لەووەستانەداهەستم بەجۆرێک لەپێکەوە بەستن وگرێدراوی ئەکرد کەپێم وابووئەوسێ بابەتەیەکتری تەواوئەکەنو،ناکرێت لەیەکیان جیابکەینەوە ئیدی نازانم بەئەنقەست بوو یاخود ڕێکەوت وای کردووە ئەوسێ شتە بۆساڵی 2006 ی کورد پێکەوەگرێ بدرێت..بەڵام پێناچێت فەلسەفەی ڕێکەوتوسودفە لەسیاسەت کردنوستراتیژی دیاریکردنی چارەنوس هێندەجێی بایەخوگرنگی بێت،درۆیەئەگەربڵێم قەدەرەئەوسێ شتەی بەیەکەوە گرێداوە..درۆیەگەربڵێن هەروالەخۆڕای وبێ ڕامان ڕۆژنامەکانمان میدیای بینراو،بیستراوەکانمان ئەوهەموو بەرنامەو گۆشەو وتاروکاتیان بۆتەرخان کردبێت ،من ئەڵێم بەبەرنامەوپلانی پێشوەخت ئەوسێ ڕوودوایەکیان گرتوە...وەلێ ئێمەهەست بەلایەنەشاراوەکانی ناکەین.وەلێ ئێمەهەوڵمان نەداوە نهێنییەشەرماوییەکان بەدەربخەین.

1ـ نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان

2ـ هەوڵوتەقەلای کوردبۆجێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستورتایبەت بەکەرکوک.

3ـ بەم دوایانەش هەرای ڕاپۆرتەکەی بێکەرهامیلتۆن.

...تێکڕاپێکەوەبەیەک ئاراستەهیندەی تروەڵامی پرسیارەکان بەگومانوگریمانەی ناتەواوونادروست بارەکەیان ئاڵۆزکردوە ...هەرسێکیشیان دەبنەخەرمانەوبەرهەمی کاروپرۆسەی داهاتووی سیاساتمەدارانی کورد.هەرسێکیان بۆساڵی 2007 هەڵگیراون وساڵی نوێ بڕیاریان لەسەردەدات لەم وتارەمدائەبێت کەمێک لەجاران ڕاستگۆتربم چونکەدەشێت ئەم وتارەبۆکاری داهاتوم بەخۆداچونەوەیەک بێت ،بۆپرەودان بەکاری ڕۆژانامەگەریم،بەتایبەت ئەمڕۆلەجیهانی گلۆباڵیزم ومیدیای سات بەسات لەگەڵ ڕووداوەکان،بەزەحمەت ڕاستت لەدرۆبۆجیادەکرێتەوە..ئەمڕۆئەوزەمەنەیەکەدەبێت لەهەمووکات زیاترڕۆژنامەنوس ڕاستگۆ وبە

هەڵویست بێت هەتاڕاستگۆبێت کەمەچونکە تۆچەندڕاستگۆبیت هێشتاکونێ خەڵکانێک هەیەهەربەدرۆزنت تێدەگات جا نەخوازە لەخودی گوتاروتێفکرینەکانت درۆزن بیت...ئەبێت چیت پێ بکرێت؟لەباسی ئەمانەتوڕاستگۆیی ڕۆژنامەنوسی ..ئیستاوئێستاش ئەوکورتە دانیشتنەم لەیادەکە منی لەگەڵ پسپۆڕێکی ڕۆژنامەگەری بۆدەخولەک کۆکردوە لەوکورتە دیدارە پڕ مانایە ئەو زاتە ،لەگەڵ نۆشینی پێکێکی شەمپانیا ئامۆژگاریەکی پێدام ،کەهەرگیزناکرێت فەرامۆش بکرێت،یاخودلەئاستیاخۆلەگێلی بدەم ئیستاش لەیادمە پێنج ساڵ لەمەوبەر لەهەمان بۆنەولەزەمەنی ماڵئاوایکردن لەساڵێکی بەسەرچوولەگەڵ ساتەوەختی بوون بەکاتژمێر دوازدەویەک چرکەگوتی:(ڕۆژنامەنوس هەندێک جاربونەوەرێکی درۆزن وزۆرڕبڵێیە..گەورەبچوک دەکاتەوەوبچوکیش گەورەدەکات ).. لێتان ناشارمەوە ئەم قسانەبۆئەوزەمەنە بەئاگا هێنانەوەیک بوو،ڕاچڵەکینێک بوو...کەئەمڕۆبەپێویستم زانی بەیادییان بکەمەوە..لەوڕۆژەشەوەهەوڵم داوە کەم تازۆرکاربەنەریتی کۆنی ڕۆژنامەنوسانی پێش خۆم نەکەموجودالەوەی کەئەوان دەیڵێن من بیڵێم لەوڕۆژەوە هەوڵم داوە خوێندنەوەیەکی ترم هەبێت بۆڕووداوەکان ،جیا لەوەی کەزۆرێکمان ڕۆژانەگوێ بیستی دەبین یان بەبەرچاومان دەکەوێت...سات بەسات لەگەڵیا هەڵدەچین لەهەندێکیاناخەفەت دامان ئەگرێتولەهەندێکی تریانداتائاستی فرمێسک ڕژان پیکەنینمان پێان دێت. لێرەوەلەم گۆشەنیگایەوە دەمەوێت ڕایبگەێنم کە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداووهەڵوێست نواندن بەم فۆرم ونەفەسەی ئێستامان هاوڵاتی کوردنایگەێنیتەئەنجام وقسەی ئەوبەڕێزەش بەراست ئەزانم کەئێمەی مەعشەری ڕۆژنامەنوسان لەهەندێک بۆنەوهەڵوێستابچوک گەورەدەکەین وبەپێچەوانەش گەورەبچوک دەکەینەوە...ئێمەهەتائەم ساتەوەختەش نەمانتوانیوەڕاستگۆیانەلەگەڵ خودی گوتارەکانمان بدوێن،نەمانویستوە دان بەوشکستەبنێن کەدوچاری چارەنوسی پرۆسەی ڕۆشنگەرایمان بەگشتیوکاری ڕۆژنامەن وسیمان بەتایبەت بۆتەوە...بەشێکی کێشەکە لەوەدایە کەقورسای وئاراستەی گوتارو خیتابەکانمان هەتائەمڕۆش بەتەوجیهوتەرویجی حیزب دەچێت بەڕێوە،هەتائەمڕۆش حیزب دەستێکی باڵای هەیە لەکۆنترۆڵکردنی ئیرادەی گەلێکی چەوسێنراو...ئەگەرجاران بەعس ئێمەی چەوساندبێت ،ئەوائەمڕۆئێمە بەچەندین فۆرم ولەسەرهەمان نەسقی بەعسلە هەوڵی چەوساندنەوەی خۆماندا‌ین...سەیربوو هێشتاڕاپۆرتەکەی بیکەرهامڵتۆن بەتەواوی لەئەمریکا نەخرابوە سەرمێزی تاوتۆکردن هێشتاکونێ نەخوێنرابووە شینەکرابووە..کەچی لای ئێمەبەتەوجیهی دەسەڵات زانکۆکانمان مانیانگرت کوردەکانی ناوەوەی کوردستانوهەندەرانمان خۆپیشاندانیان سازداهوتافیان کێشا وڕۆژنامەنوسانیشمان بەپیشەی هەمووکاتێکیان بە کۆمەڵێک دروشموسەروتارولاپەریکانا‌ین هێنایەخرۆشان بێ یەکودووش مامۆستاکانمان لەچایخانەکۆنەکان لەگەڵ دۆمینەو شەقەی زاری تاوڵەکان بەدەم چاخواردنەوەکەوتنە توانجگرتن لەپرۆسەیەک تائێستاش تەمێکی زۆری لەسەرنیشتوەونازانین چی بۆجێهێشتوین،من نامەوێت لێرەڕاڤە لەسەرلایەنەنێگەتیڤەکانی ئەوڕاپۆرتەبکەم لەبەر ئەوەی پێم وایە ئەگەرئەوڕاپۆرتە بەنێگەتیڤ یان بەشکستی دبلۆماسیەتی کوردی لەقەڵەم بدەین ئەبێت باش بزانین کەئەو نێگەتیڤەکاردانەوەی کارێکەنەک کارەکەخۆی ...ئەگەربشمانوەێت دانی خێری پێابنێن ئەبێت پێشوەخت خوێندبێتمان لێ تێگەیشتبێتین..بەڵام لەبەرئەوەی ئەوەنەکراوە ئەوادەبێت ئەوەڕابگەێنین کەئەم ڕاپۆرتەتاقیکردنەوەیەکی تری هزری خۆرئاوایە بۆزانینی هەڵوێستوشێوازی تێفکرینومامەڵەی شەقامی کوردی لەگەڵ ستراتیژی کۆنی ئەمریکا،ئەبێت هەمومان ئەوڕاستییەمان لائاشکرابێت کەئەوڕاپۆرتەبەرگی قورئانوبیبڵ نییەتاقابیلی دەستکاری کردن نەبێت ،ئەوڕاپۆرتەکۆمەڵێک ڕاسپاردەیە لەچێشتخانەی سیاسەتی دەروەی ئەمریکی بۆکاروباری ئێراق دەدرێتەبێژن،پوچ لەساغ جیادەکرێتەوەوزۆربەئاسانی ئەگەری گۆڕێنی لەم پەڕتائەوپەڕی تایبەدی دەکرێت... ڕەنگە لەئایندەیەکی نزیکیشداهەرکاری پینەکرێتولەگەڵ زۆرێکی تری ڕاپۆرتو مەلەفەکانی ئەمریکالەکوچێکی ئەرشێفداخۆی ببینێتەوە خۆئەگەربەخۆپیشاندانونارەزای دەربڕێن بەمەبەستی خولڤاندنی گۆڕان بێت بەم خۆپیشاندانومانگرتنوبەیاننامە دەرکردنە ئیستیعرازییە بەنیازبین سەنگو قورساییەک لەبەردەم ئەودەسەڵاتەبنوێنین.یاخود واتێگەیشتبێتین کەئەتوانین بەوڕەفتارانە هیچێک

لەبڕیارومەنهەجیەتی ئەمریکابنەخشێنین ئەوابەهەڵەداچوین ..لەبەرئەوەی ئەمریکاپێشوەخت لەوەبەئاگایە کەپەیوەندی تاکی کوردی لەگەڵ دەسەڵاتەکەیداچ جۆرەپەیوەندیەکەولەسەرکام بنەماداڕێژراوەولەچ ئاستێکیش دایە..لێرەشامن ئەوپەیوەندی یە(ناوئەنێم دەسەڵاتی باوکومنداڵ)...دەسەڵاتی کوردی کەگلەی لەجێبەجێکەرو ئامادەکەرانی ئەوڕاپۆرتەئەوەیەکەئەمان نەهاتونەتە کوردستان وبەچاوی خۆیان کوردستانیان نەدیوە(چۆن بۆتەبەهەشتی،دیموکراسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)..بەچاوی خۆیان نەیاندیوە چۆن باوک مامەڵەلەگەڵ منداڵەکانی خۆی دەکات ..هەڵبەت مەبەست لەسەردانی کوردستان ئەوەیەکە دەرفەتێک نەڕەخسا بۆدەسەڵاتی کوردی بۆمیوانداری لیژنەبەریزەکەلەباشترین میوانخانەوبەڕازاوەترین جۆری خواردنو خواردنەوە تائەو پەڕی سەرمەستیودەم شیرینکردنیانو...پیشاندانی باڵەخانەوچراخانی شەوانی کاربەدەستانمان ونیشاندانی کەرەم وڕێزی میوانداری کوردەواری...ئەگیناباوەڕناکەم مەبەست لەسەردانی کوردستان سەردانی مەزاری شەهیدان وکەلاوەکانی هەڵەبجەو خێوەتو زەلیلی زبڵخانەکانی کەرکوک بێت!؟...پاشان ئەمان پێویست ناکات سەردانی شوێنێک بکەن کەلەبنچینەداچەقی خەڵکی باوەڕ پێکراوی خۆیان بێت...ئەمریکایەکان..بەرلەوەی بێنەئێراق وڕزگاری بکەن لەبەرنامەیاندابووە کەچۆن وبەچ ڕێگایەکی هێمن ولەسەرخۆ بەدیلێک بۆدەسەڵاتی کوردی بدۆزنەوە،چمکێکم ئەوان دەمێکە لە هەڵسوکەوت وڕەفتاری دەسەڵاتی کوردی ورەسن ونایانەوێت چی دی ئەودەسەڵاتەلەسەرتەختی حوکم بمێنێت ئەم نەویستییەش بەتایبەت لەهەڵوێستی دروستکردنی نواتی ئەمریکای لەناودەزگاحەساسەکانی ناویەکێتی وپارتی...وڕای گشتی بەدی دەکرێت ئەوەی کەدەسەڵاتی کوردی ڕەنگەلێی بێئاگابێت ئەوکوردە بەڕێزانەیەکە بەئاگایاخودگەوجانەکاری عەمالەت بۆدەزگاسیخورەزلهێزەکەی ئەمریکادەکات.ئەوان ئەیانەوێت بەهۆی ئەم کۆمەڵە نواتەوکادیرەنوێ یەوهەندێک لە(ئێن جی ئۆکان)ڕێکخراوەناحوکومییەکان وەزعێکی نارەزایوگلەی جەماوەری بنکەفراوان بهێننە کایەوەو بیکەنە بەدیلی کاک مەسعودی سەرۆکی هەرێمومامجەلالی سەرۆکی ئێراقی فیدراڵ ..بەڵام هێشتالەگەڕاندان ئەگەرمەبەست لابردنولەکەدارکردنی ئەودوو سەرکردەیەبێت...کاک مەسعود کەپێشتربەبڕاوای ئەمریکاییەکان هاوپەیمانی لەگەڵ سەدام بەستووەوئەم هاوپەیمانییەش بەهاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان وەسف ئەکرێت وەمامجەلالیش بەتۆمەتی لایەنگروڕێگەخۆشکردنی بۆهەبوونی سەنگوجێپێیەکی ئێرانی لەناوچەکە...ئەمانەوالەمن ئەکات بڵێم ..بەدەرلەهەموو ئەو خەوشوکەموکوریوزیانانەی کەرەنگەبەرکوردکەوتبێت دەشێت ئەم ڕاپۆرتە بۆتاقیکردنەوەی ڕاوڕایەڵی شەقامی کوردی بێت زیاترتابزانن تاچەند سەرکەوتوبوون لەپرۆسەی دروستکردنی ئەودژەڕایە ،لەلایەکی ترەوەدەسەلاتی کوردی ...بەگەڕخستنی میدیایای حیزبیان ئەم هەوڵەی ئەمریکایان بۆخۆقواستەوەویستاین ئەم زەرەکەوتنەبکەنەوەبەمنەت بەسەرکوردبەگوێدابدەنوبڵێن نەکەن بڵین کارەبامان نییە،ئامان نەکەن مانبگرن نەکەن باسی گەندەڵی بکەن وەزعەکەنائارامەوهەرچیتان هەیەهەڵیگرن بۆوادەی دوای چارەسەرکردنی ڕاپۆرتەکەی بێکەربەوەش ڕاپۆرتەکەی بێکەرهەلێکی تریان بۆڕەخسابۆخافڵکردنی شەقاموداخوازییە کۆنونوێکانی گەلی کورد هەمووتان ئەزانن کەساڵگەلێکی زۆرەلێرەولەوێ لەگەڵ بوونی دەرفەتوهەل شەقامی کوردی وەرەس بوونوبێتاقەتی خۆی بەهەندێکی ئەودەسەڵاتەنیشانداوە،وەلێ هەرجارەوبەبیانوییەک ئەووەرەس بوونە، ،ئەوبێخوڵقی یە پشتگوێخراوەودەسخەڕۆی پێکراوە،جاران لەگەڵ سەرەتاکانی ڕاپەرین بەجۆشدانوروژاندنی گوتارەحەمسییەکان خەڵکانێکی زۆرئەرژایە شەقامەکان ونارەزایی.خۆیان لەمەڕ خراپەو بەدکارییەکانی بەعس دەربڕی هەرچییەکیشت لەودەسەڵاتەکوردییە داوابکردایە لەو ئانەداڕووی دەمیان دادەخستی وپێیان دەگووتی بارەکە ئاڵۆزە دۆخەکە نالەبارە ...ئەمڕۆئەبێت ئێمەتەبابین هاوبیرو هاوڕابین تادوژمن زەفەرمان پێنەهێنێت...پاشان بەچەندساڵێک دوای سووانی دروشمە بریقەدارەکان بە لەکەداربوونی ناوناوبانگیان بەهەڵایسانی شەری خۆخۆری .

براکوژیمان لێقوتبووەوجارێکی تربوەئاستەمێکی گەورەلەبەردەم پرۆسەی دەنگ هاتن لەسەرهەق هەمووی دەمی خۆی دورییەوە چاوەڕێی کەوتنی لایەک بەلایەک بوە..دواتر دەرکەوت تاقەدۆڕاوی شەری ناوخۆ تاکی کوردە..شەڕی ناوخۆ کەس لێ بەدۆڕاو دەرنەچوتاکی کوردی نەبێت..،،خۆهەگبەی نەشەرنەئاشتی

لەشەرەکەخۆی درێژتربووشوێنەواری ئەم هەگبەیە لەشەرکەماڵ وێرانەتربوو ..هەرچۆنێک بێت ئەم بارەتاکەوتنی سەداموهاتنەکایەی ئەمریکادرێژەی خایاندخەڵکی گوتی لیگەڕێ ئەمە ئەوڕۆژیە کەکورد ساڵەهای ساڵەچاوەڕێ کەوتنی زوحاکی سەردەمی لێدەکات...وئیدی دەسەڵات بیانوی نەماوەبۆچاکردنی بارگرانی وباشترکردنی بژێوی خەڵکی ...لەوێشەوەهەمووئاواتەکان بەکەوتنی سەدام بەستەوە پێمان وابووکەگەربێتوسەدام بڕوخێت وەزعی ئاوکارەبامان بۆچاکدەبێتەوە،سەدام دەکەوێت وشوێنەدابڕاوەکانمان بۆدەگەڕێتەوە،سەدام دەکەوێتوخۆشی وشادی دێتە ئاراوە ....وەلێ لەوەشیانا هەردوڕاو مایەپوچ دەرچووین لەناوهەموویانداکورد بەچەندجەولەیەکوگێمی زۆرانبازی بەکەمترین دەسکەوت وکەمترین مەدالیاوخاڵ لەو وازییە کرایە دەروە..لەوێشەوەکەرکوک بوەخاڵوهۆیەکی تری بێدەنگیمان هەرچییەکامان بگوتایە پێان دەگوتین ئیستاوەزعەکە نالەبارەو تکایەکەس دەنگ هەڵنەبرێت باحوکمەتی یەکگرتوبهێنینەکایەوەبا کەرکوکی قودسودڵی کوردستانمان لەدەست نەچێت بامادەی 140 جیبەجێبێت دوایش دەرکەوت دەسەڵاتی کوردی خافڵکوژانەخەریکی پەسەند کردنی دەستورێکی هەرێمەتیایدانەک هەرکەرکوکمان لەدەست دەچێت بگرە، ئەوڕایەبەڕاست ئەزانێت کەئێمە لەهەندێک بۆنەدا موزایەدەمان بەسەرکەرکوکوناوچەدابڕاوەکان کردوە؟!..بەم دوایانەش ئەمریکالەپاش کوشتنی سێ هەزارسەرباز لەوجەنگەدا سەبری لێپساوئەمجارەبڕیاری دابەشێوەیەکی ترمامەڵەلەگەڵ ڕوداوەکان بکات..بەتایبەت لەمەلەفی ڕازیکردنی کوردبۆناردنی پێشمەرگە بۆبەرەکانی جەنگ بیکەری بۆقوتکردۆتەوەتاسەنگی خۆی لەناوکوردابزانێت ..تابزانێت چەندی لەگەڵ ئەوەوچەندی لەدژی دەسەڵاتی کوردییە...ئەوەی کەجێگەی سەرنج بوولەلام هەواڵی ناردنی پێشمەرگە بۆناوچە گرژو خوێناویە کانی ئێراق وتاوتۆکردنی ئەومەلەفەهاوکات بوولەگەڵ دەرخستنی ڕاپۆرتەکەی بیکەر..بەڵام ئەمیان بەمانشێتێکی بچوکترجێگەی خۆی لەمیدیای کوردی کردبوەوە..وتارومانشێتو وێنەزلەکان بۆڕاپۆرتەکەتەرخانکرابوون بەڵام ناردنی پێشمەرگە سەرپێ یانەو لەسوچێکی ڕۆژنامەکان دەخوێنرا..ئەمەلەکاتێکدایە ناردنی جەنگاوەربۆبەرەکانی شەرئەبێت پێشوەخت ڕای میلەتی پێوەبێت ..نەک ڕای دەستەوتاقمێکی دەسەڵاتدار.تۆبڵێت دەسەڵاتی کوردی ویستبێتی بەناردنی ڕۆڵەکانی بۆچارەنوسێکی نادیار لەپێناو ڕازیکردنی دڵی ئەمریکا بێتو هەوڵێک بێت بۆبەستنی جۆرێکی ترلەهاوپەیمانیەتی....خۆکەس نازانێت ئەمان کەپێکەوەدائەنیشن باسی چیدەکەن ئێمەتابەرلەدەرکەوتنی ڕاپۆرتکەکەچاومان بەوپێکەنینوزەردەخەنەیەدەبووکەئەمریکاییەکانی لەگەڵ سەرکردەکانمان کۆدەکردەوەپێمان وابوولەوەتەباترنییە،بەڵام پێئەچێت لەمەشیان ساویلکەبوبێتینوئەوزەردەخەنانەتەنهابۆبەردەم کامێراوقەڵەمی ڕۆژنامەنوسانە لەڕاستیشدا لەپشتی ئەوزەردەخەنانەگرژیەکی زۆرلەنێوان دەسەڵاتی کوردیوئەمریکایداهەیە..بۆیەمن ئەڵێم بائێمەدیدێکی تروتێڕوانینێکی ترمان بۆڕاپۆرتەکەهەبێت جودالەوەی کەحیزب بانگێشە بۆخراپەکاری وماڵکاولیەکەی دەکات. ...من لەڕاپۆرتەکەی بێکەرداهەستم بەناتەواوییەک کردلەنێوان ئەمریکاوهاوپەیمانەکوردەکانی..ئەڵقەیەک هەیەکۆبەندی ڕوداوەکانت بۆڕێکدەخات گومەوونادیارە...ڕاپۆرتی(بێکەروهاملتۆن)خەنجەرلەپشت وەشاندن نییە،،،واقعێکی تاڵەڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کەکورد هەتائەمرۆش شەرەفی هاوپەیمانیەتیومسداقیەتی هاوپەیمانێکی کۆنکرێت لەگەڵ ئەمریکادانەبەستوە...ئیدی ئێمە بۆڕەخنە لەئەمریکابگرینوخۆشمان لەبنەچاوەوهاوپەیمانێکی ڕاڕابین....لەوەش گەڕێ تۆبڵێت ئەمریکیەکان بێئاگابن لەوی کەچەند کاتژمێر کارەبابۆشارەکوردنشینەکان لەلایەن دەسەڵاتەکە ئامادەکراوە چەندوچۆنیش پارەوپوڵ بۆبەرپرسانی خەرجدەکرێت..یان ئێمەتەنهاقەڵەمی سیاسەتین ولەسەرکارەبانوسین لەسەنگی نوسینەکانمان کەمدەکاتەوە..ئەمانەوێت گەورەکان بچوک بکەینەوەبچوکەکانیش گەورە.بەڕای تۆ کامیان بۆقوڕبەسەرێکی کوێرەدێیەکی کورد بەگرنگ ئەزانیت ...ڕاپۆرتی بێکەریان خوێندنەوەیەکی تربۆلەدایکوبوونی مەسیح یاخودهیچیانوکارەبای بەردەوام..بەڕای تۆئەگەرکورددەرفەتی هەڵبژاردنی بدەیتێ ،کامیان هەڵدەبژێرێت ،بێکەریاخودکارەبای بەردەوام ئەزانم ئیستاکۆمەڵێکتان لێم دێنەجوابودەڵێن جاچۆن ئەبێت چارەنوسی میلەتێک بەکێشەیەکی هەنوکەیی

ببەستینەو،چۆن ئەبێت بەچاوی بەراوردسەیری وەزعی کارەباوڕاپۆرتەکەی بێکەربکەین...زۆرێکیشتان ڕەنگە پێم بڵێن باکەوەکوڕەخنەکەئەگرین دەسکەوتەنیشتیمانییەکان فەرامۆش نەکرێت .یانی بەڕای تۆکامیان گەورەترەڕاپۆرتەکەی بێکەریاخودچاککردنی وەزعی کارەبا؟...کامیان هەنوکەیی وکامیان چارەنوسەکارەبای بەردەوام یان 79 ڕاسپاردەکەی بێکەربۆدەسەڵاتی ئەمریکا باشەڕۆژانەبەسەدان وتاردەنوسرێت بەهەزاران مێلۆدیو قەوان بۆئەم خەڵکە ڕەشوڕوتەداماوەلێدەدرێت..ڕۆژ نییەمن موتابەعەی ڕۆژنامەکان نەکەم بەدەگمەن هەڵئەکەوێت سەروتارێک لەسەرکارەبابێت، ئەگەرهەواڵێکیش بڵاوبێتەوە دەچێتەلاپەڕەی هەواڵەزۆروبۆرەکان وهەمیشەخەمی ترجێگی خەمی کارەبای گرتۆتەوە،ئاخرمن تێناگەم ئەو هەمووڕۆژانامەنوس وگۆڤارو ڕۆژنامانەکاریان چییەئەگەرنەبنەپێشەنگوچرای ڕوناکەرەوەی ڕێگای ڕوناکی خەڵکی ڕەشوڕوتی هەژار...زێدەڕەوی نییەگەربڵێین چارەنوسومانی دەسەڵاتوحوکمەتی کوردی بەندەبەڕێژەوجۆری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ودابین کردنی بژێوییەکی باشتربۆتاکی کوردزۆڕبڵێش نییەئەگەربڵێن تاکی کورد ئاواتوئامانجی خۆی بۆسالی داهاتوڕەنگەلەشتەبچوکەکانەوە بێت،خۆ ئەگەر هاوڵاتی کوردئازادانە دسەرپشک بکرێت کامیان هەڵبژێرێت بێکەروقبوڵکردنی واقیعە تاڵەکانی گۆڕەپانی سیاتسەت یاخودکارەبای بەردەوام دڵنیام کارەبای بەدەوام هەڵبژێرێت...لەبەرئەوەی بێ کارەبای هاوڵاتی کوردی هەراسان کردوە بەلاتانەوە سەیرنەبێت ڕەنگەخۆشترین ساتەووەختی هاوڵاتییەکی کوردی ئەوساتەوەختانەبێت کەکارەبا ماڵەکەی بۆگەرمو ڕۆناک دەکاتەوە ،سەیر نەبێت ئەگەرئەمڕۆکوردهەواڵی هەبوونی کارەبابۆشەوانی جەژن بەقەدهەواڵی کەوتنی سەدام پێ خۆشبێتو ڕەنگە بەختەوەر رتریشی بکات...باڕاگرتنی ڕاپۆرتەکەی بێکەر،دەنگدان بەدەستوری هەرێموپاڵپشتی لەستراتیژی نوێی ئەمریکاوجێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستوری ئێراقی وبەم دواییەش لەسێدارەدانی تاوانباران لەدابینکردنی کارەبای شەوی سەری ساڵ بێت.
ساڵی نوێی بێکارەبایتان پیرۆزبێتوهەمووساڵێکتان بەتاریکی ببەن بەسەر .

2006 25،12